# کێشەکانی فەلسەفەی سیاسی هاوچەرخ و چەند رەخنەیەک

نووسینی نیگێل واربێرتۆن

وەرگێرانی لەفارسییەوە: رامبۆولوتف پووری



یەکسانی چییە؟ ئازادی چییە؟ ئایا ئامانجگەلێکی بایەخداران؟ چۆن دابینـدەکرێن؟ هـەنگاو هـەڵگرتنی دەوڵـەت بـۆ سـنورداركردنی ئـازادی ئـەو كەسـانەی، كەیاسا پێشێلدەكەن، دەتـوانیٚ چ پاساوێكی هـەبیٚ؟ ئایا لەهیچ هەلومەرجێكدا دەتوانین یاسا بشكێنین؟
ئـەم پرسـیارانە بـۆ هـەموو كەسـێك گـرنگن، فەیلەسـوفە سیاسـیەكان لەهـەوڵی روونكردنـەوەو وڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیارانەدان. فەلسـەفەی سیاسـی بابەتێكی بەربڵاوەو پێوەندی بەزانستەكانی رەوشت، ئابوری، رامیاری و مێژوویی رامانەوە هەیە. فەیلەسوفە سیاسـیەكان زۆربـەی نوسـینەكانیان لـەوەڵامی ئـەو هەلومەرجـە سیاسـییانەیدا بووە، كـە بـەرەو رووی بوونەتەوە. لەم بوارەدا، ناسینی بەستێن و بارودۆخی مێـژوویی، گـرنگترین فاكتـەرە بـۆ تێگەیـشتن هـەر فەیلەسوفێك.
چـەقی باسـەكەی مـن لـەم وتـارەدا، چـەمكە تەورییـەكانی رامـانی سیاسـی هاوچـەرخە، واتـە یەكسانی، دیموكراسی، ئازادی، سزادان و سەربزێویی شارستانیانەیە و شرۆڤەی ئەو پرسیارە فەلسەفیانەی دەكەم كەلەم چەمكانەوە سەریانهەڵداوە.

**یەکسانی**

بەرابەری زۆرتر وەك ئامانجێكی سیاسی و ئایدیال دەناسـرێ، كەشـایانی هەوڵـدان و خـۆ مانـدوكردنی مرۆڤە.
هەركـەس كـەخوازیاری پێكهـاتن و سـەقامگیربوونی جۆرێك لەیەكسانی بیٚ، نێوی (یەكسانخوان)ی لەسـەر دادەنـێن، سـەمەدی (ئـەنگیزە) خواسـتی یەكـسانی، زۆرتر سەمەدێكی رەوشتیە: رەنگە بناغەی لەسەر ئەم بـاوەرە مەسـیحیە دانرابـیٚ، كەئێمـە هـەموومان لـەلای خواوە یەكسانین، یان لەسەر بنچینەی رەوشتی


فرۆید


ئەفلاتون

كـاتی راوەسـتابیٚ كەیەكـسانی رێـزی هـەمووان بەكێشەیەكی هزری دەزانیٚ، یان ئەوەی كە هەوێن لەم بـاوەرە قازانجوازانـەوە وەردەگیرێـت، كەهەڵـسوكەوتی یەكـسان لەگـەڵ خـەڵك، دەبێتـە هـۆی دابینبـوونی زۆرترین بەختەوەری بۆ هەموویان.
یەكسانخوازەكان دەڵێن: دەبیٚ دەسەڵاتەكان ناچار بكـرێن، كەلەملراكێـشان بۆیەكـسانی رەوشـتی ئـەو وڵاتیانەوە بەرەو سەقامگیركردنی چەشنە یەكسانییەك لەژیانیاندا هەنگاو هەڵێنن.
بەڵام تێگەیشتنی ئێمە لە(یەكسانی) چییە؟ دیارە مرۆڤـەكان قـەت قـەت نـاتوانن لەهـەموو رەهەندەكانـدا پێكەوە یەكسان بن. تاكەكان لەبابەتی هۆش، جوانی، توانـا جەسـتەییەكان، بـەژن، رەنگـی قـژ، شـوێنی لەدایكبوون، سەلیقەی لەبەركردنی جلوبەرگ و گەلێك لایـەنی دیكـە، لێـك جیـاوازن. ئـەوە دەبێتـە قسەیەكی بێبناغـە كـەبڵێن دەبـیٚ خـەڵك لەهـەموو رەهەندێكـەوە بەتـەواوەتی پێكـەوە یەكسان بن. یەكسانیەكی تـەواو

زۆر سەرنجڕاکێش نییە، سەرەڕای ئەمەش، لەگەڵ نابەجێبوونی راڤەی یەکسانی وەك بەتەواوەتی یەکسان بوونی مرۆڤەکان، هەندێك لەنەیارانی یەکسانخوازی پێ لەسەر وێناکردنی وێنەیەکی ئەوتۆ دادەگرن، ئەمەش جگە لەهێرشکردنە سەر داهۆڵێك و بەچۆکداهێنانی شتێکی دیکە نییە، و ئەڵبەت بۆ کوتانی بۆچوونێك، هیچ رێگایەکی باشتر لەمەش بەدیناکرێت، کەسیمایەکی گەنگەشە هەڵگرو وڕێنەی لێ پیشان بدەین. بەڵگاندنێکی دیکەکە لەهەمبەر روانگەی یەکسانخوازیدا دەخرێتە روو، ئەوەیە کە، تەنانەت ئەگەر هەلومەرجێکی وا بڕەخسێت، کەهاوچەشینەکە تەواو و یەکسانییەکی رەها لەنێو مرۆڤەکاندا بەرهەمبهێنرێت، دیسانەوە خیرا مرۆڤەکان ئەم هەلومەرجە بەردەدەن و دەگەڕێنەوە بۆ بارودۆخی پێشوویان، نەیارانی یەکسانی مرۆڤ، زۆرجار بەپشتبەستن بەم دوو بەڵگاندنە، بەرپەرچی رامانی یەکسانی دەدەنەوەو خەوشداری لەقەڵەمدەدەن، بەڵام لەراستیدا هێرشەکانی ئەم تاقمە، پتر رووی لەکاریکاتێرێکی بیردۆزی یەکسانییەو بەبۆچوونی ئێمە، زۆربەی خوێندنەوەو لێکدانەوەکانیان بۆ قوتابخانەی یەکسانخوازی، بەبێ رەخنەگرتن بەرەڵلا کراون.

کەوا بوو مەبەست لەیەکسانی، نەیەکسانی تەواو و رەهای مرۆڤەکان، بەڵکو یەکسانی لەهەندێك لە رەهەندەکاندایە. بۆ تێگەیشتن لەرامانی هەر کەسێك، کەخۆی بەلایەنگرو شوێنکەوتەی قوتابخانەی یەکسانخوازی دەزانێ، تێگەیشتنی ئەوەیکە ئەو بڕوای بەیەکسانی کام لایەك لەلایەنەکانی مرۆڤ هەیە خاوەنی گرنگیەکی بنەرەتیە، بەواتایەکی دیکە، وشەی یەکسانی لەبواری سیاسەتدا، هیچ مانایەکی نییە، مەگەر ئەوەی کە روون بکرێتەوە چ کەسانێك و لەچ رەهەند گەلێکەوە دەبێ پێکەوە یەکسان بن.

بەبۆچوونی یەکسانخوازەکان، هەندێك لەوشتانەی کەدەبێ بەشێوەیەکی یەکسان یا تارادەیەك یەکسان لەنێو ئەندامانی کۆمەڵگەدا دابەش بکرێن، بریتین لەپارە، بەدەستهێنانی کارو دەسەڵاتی سیاسی.

ئەگەر چی سەلیقەکانی خەڵك جیاوازن، بەڵام ئەم سێ فاکتەرە لەبایەخدان بەژن و خۆشترکردنی و پێکهێنانی بواری رێزو پێگەی کۆمەڵیەتێدا کاریگەرییان هەیە.

دابەشکردنی یەکسانی پارە

رەنگە یەکسانخوازێکی رادیکاڵ، خوازیاری دابەشکردنی یەکسانی پارەو سەرمایەیە، بەسەر هەموو مرۆڤێکی پێگەیشتووە، باڵخ لەکۆمەڵگەدابێت، بەجۆرێك کەهەرکەس دروست بەقەدەر ئەوی دیکە، دالیەتی هەبێت.

لەزۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگەکاندا پارەیەك لەپێداویستیە سەرەکییەکانی ژیانی مرۆڤەکە بێ ئەوە نەخواردنێك نەماڵ و نەجلوبەرگ دەتوانین دابەشکردنەوەی پارەو سەرمایە لەسۆنگەی قوتابخانەی قازنخوازیشەوە وەك شیاو ترین رێگای بەماکزیمۆم گەیاندنی بەختەوەری و خۆشیەو بەسیمۆم گەیاننی کوێرەوەری.

١ . ناپراکتیکی و کورتخایەنبوون کەم تازۆر روون و دیارە کەدابەشکردنی یەکسانی پارەو سەرمایە ئامانجێکی نابەحێ و نەشیاوە.

گرفتە پراکتیکی و بەرچاوەکانی دابەشکردنی پارەو سەرمایە لەشارێکی چکۆلەدا لەژمار نایەن.

ئینجا بیری لێبکەنەوە، کە دابەشکردنی سەرمایە، بەشێوازێکی یەکسان لەنێوان سەرجەم مرۆڤە پێگەیشتووەکاندا، چ مۆتەکەیەکی پرکێشە دەبێت، کەوا بوو ئەگەر راست بن، دەبێ بڵێین تەنیا شتێك کەیەکسانخوازێك، دەتوانێ بەهیوای بەدیهاتنی بێت، دابەشکردنی دادوەرانە تری پارەو سەرمایە، لەرێگای جێگیرکردنی دانی مووچەیەکی دیاریکراو و نەگۆڕا بەهەموو هاولاتیانی پێگەیشتوە.

ئەوا گریمان کەبەم ئامانجە گەیشتین، واتە بواری دابەشکردنی یەکسانی دارایمان لەکۆمەڵگەدا پێکهێنا .

لەو کاتەشدا ئەو بارودۆخە، کورت خایەن دەبێت، چونکە تاکەکان پارەکانیان لەرێگە گەلێکی جۆراو جۆردا بەکاری دەهێنن: ئەوانەی کەزیرەکتر، فێڵبازتر وبەهێزترن، خێرا دەست بەسەر دارایی لاوازەکان، گەمژەکان و نەزانەکاندا دەگرن.

هەندێ لەخەڵك پارەکانیان بەفیرۆ دەدەن و هەندێکی دیکە پاشەکەوتی دەکەن، تاقمێك لەگەڵ وەرگرتنی پارەکەدا لەقومارێکدا دەیدۆڕێنن.

تاقمێکیش بەزۆرتر کردنەوەی پارەکەیان دزی دەکەن، کەوابوو تەنیا رێگایەك کەبۆ پاراستنی بارودۆخی دابەشکردنی تارادەیەك یەکسانی دارایی دەمێنێتەوە، دەستێوەردانێکی ملهورانەیە لەلایەن لێپرسراوێکی سەرترەوەو بێگومان ئەمەش دەستدرێژییەکی نالەبارە، بۆ سەر هەرێمی ژیانی مرۆڤەکان و دەبێتە هۆی بەرتەسکبوونەوەی سەربەستیان لەهەلچبژرادندا.

٢ . تاکە جیاوازەکان، شایانی بری پارەی جیاوازن.

ڕەخنەیەکی دیکە کەلەهەوڵی دابەشکردنی یەکسانی پارە دەگیردرێ، ئەوەیە کەتاکە جیاوازەکان بەپێی ئەو ئەرکە جیاوازانەی لەئەستۆیان گرتووەو بایەخی ئەو خزمەتانەی کەخزمەتی کۆمەڵگەی دەکەن، شایانی وەرگرتنی مووچەی جیاوازن.

کەوابوو هەندێك جار بۆ نمونە دەگوترێت، کەسەرۆکە دەوڵەمەندەکانی کۆمپانیا پیشەسازییەکان، شایانی ئەو مووچە زۆرەن کەوەریدەگرن.

چونکە یارمەتی ئەوان بەنەتەوە گەلێك پتر لەخەڵکی دیکەیە. ئەوان پێداویستیەکانی ئیش و کار بۆ خەڵك دابیندەکەن و ڕۆڵێکی بەرچاویان لەبەرزکردنەوەی ئاستی گشتی خۆش و گوزەرانی ئابووری ولاتی شوێنی تێکۆشانیاندا هەیە، تەنانەت ئەگەر شایانی وەرگرتنی مووچەیەکی زۆر تریش نەبن، ڕەنگە دانی مووچەی زۆرتر خۆی وەك هاندەرێکی بەهێز بۆ جێبەجێکردنی باشترو کارامەتری ئەرکی کاری، پێویست بێت، چونکە لەم دۆخەدا، هەم قازانجێك کەبەکۆمەڵگە دەگات، لەسەرجەمی تێچوەکان زۆرتر دەبێت هەم کەسانی جۆراو جۆری دیکەش لەسێبەری خزمەتەکانی ئەواندا بەسامانێك دەگەن.

بەبێ هاندەری مووچەی زۆر ئەو کەسانەی کەبەراستی توانایی و لێهاتوویی بەڕێوەبردنی کارێکیان هەیەئامادەی قبووڵ کردنی نابن.

لێرەدایە کەناتەبایی و دژایەتی بنچینەی نێوان ڕامانی یەکسانی خوازەکان ئەوەیە کەتەنیا هەبوونی جیاوازییەکی هاوسەنگ و بەجێ لەنێوان دارایی تاکەکانی کۆمەڵگەدا جێگای پەسەندو دۆخی ئایدیالیش ئەوەیە کە ئەم جیاوازییانە بناغەی لەسەر جیاوازی کەمایەتی و مرۆڤەکاندا بێت. ئەم بۆ چوونە ڕێگا بۆ کێشەیەکی دەکاتەوە کەلەسەر بنەمای دابەشکردنی یەکسانی دارایی ساز دەبێت.

٣ ـ تاکە جیاوازەکان ، کەمایەتی جیاوازییان هەیە.

هەندێك لەخەڵك بۆ ژیان پێویستیان بەپارەیەکی زیاترە. بۆ وێنە کەسێك کەدرێژەی ژیانی بەسترا بێتەوە، بەتێچوویەکی قورسی ڕۆژانەی پزیشکیەوە، لەکۆمەڵگەیەکدا، کەهەر هاوڵاتیەك تەنیا بەشێکی یەکسان لەسەرجەم داراییەکانی کۆمەڵگەی بەردەکەوێت، لەوانەیە نەتوانێت تەمەنێکی زۆر بەرێتە سەر (مەگەر ئەوەی کەئەو کۆمەڵگەیە، بەشێوەیەکی ناوازە زۆر دەوڵەمەند بێت)بەم پێیە وادەردەکەوێت شێوازی دابەشکردنی داهات، بەپێی کەمایەتی مرۆڤ، لەچوارچێوەی دابەشکردنی یەکسانی پارە تێپەرێت و دەبێتە بنەمایەکی ڕەوشی، واتە دانانی ڕێز بۆ مرۆڤایەتی.

نەبوونی مافێك بەنامی دابەشکردنەوە

هەندێك لەفەیلەسوفەکان لەسەر ئەو بڕوایەن، کەئامانجی دابەشکردنی یەکسانی دارایی، هەرچەندە ڕەوشت و جێگای ڕێزیش بێت، لەگەڵ پزیشکێکی دیکە، کەهەمان پرنسیپی مافی خاوەندارێتیە، توشی گرفت و ناکۆکی دەبێت و ئەم تێکچڕژانە، بەردەوام لەبواری ڕەوشتیەوە، نادروست و نابەدڵە. ئەم فەیلەسوفانە، بەتایبەت قازانجخوازەکان دەڵێن، مافی مرۆڤەکان لەهەموو کاتێکدا لەسەرەوەی هەموو تێبیۆنیەکی وەك تێبینیە قازانجخوازەکاندایە، کەوابوو ڕێگە گرتنیان بەهیچ هەل و مەرجێکەوە نابەسترێتەوە، رابێرت نۆزیك (R.NOZICK)سەربەو تاقمە فەیلەسوفەیە کەلەگەڵ ئەم بۆچوونەدان ئەو لەکتێبەکەیدا، بەناوی(ئانارشی، دەوڵەت و یۆتۆپیا)، داکۆکی لەم ڕوانگەیە دەکات و جەخت لەسەر مافی بنچینەیی مرۆڤ بۆ خاوندارێتی ئەو داراییانە دەکات، کەبەپێی یاسابەدەستی هێناون.

هەڵبەت ئەم فەیلەسوفانە هێشتا ئەم مافانەیان بەتەواوەتی دەستنیشانکردوە؟ ونەژێدەر و سەرچاوەکانیان دیاریکردوە؟ مەبەستی فەیلەسوفەکان لە(ماف)مافی یاسایی نییە، هەرچەن، کەرەنگە لەکۆمەڵگەیەکی دادمەندا، ئەومافانە کەمەبەستیانە، یەکانگیر بن لەگەڵ مافە یاساییەکاندا. مافی یاسایی، ئەو مافەیە کەلەلایەن دەوڵەت یائۆتوریتەیەکی یاساییەوە دەست نیشان کرابێت.

مەبەستی فەیلەسووفەکان لە ماف، مافی سروشتی، یان مافگەلێکن، کەوەك نمونەیەکی ئایدیالی دەکەونە بەرچاوی یاسادانەرو بەنمونە وەرگرتن لەوان دەست بەدارشتنی یاسادەکات.

هەڵبەت هەندێك لەفەیلەسوفەکان گومانیان لەهەبوونی مافێکی ئەوتۆدا هەیە.

هەلی کاری یەکسان

گەلێك لەیەکسانیخوازەکان لەسەر ئەو بڕوایەن، کەتەنانەت ئەگەر نەکرێت بەدابەشکردنی یەکسانی دارایش بگەین، لانی کەم دەبێ هەلومەرجێك بخوڵقێنین، کەهەلەکان بۆ هەموو تاکێك یەکسان بن.

یەکێك لەگرنگترین بوارە کۆمەڵاتیەکان، کەنایەکسانیەکی ئێجگار زەقی تێدایە، بواری بەدەستهێنانی کارە هەبوونی هەلی یەکسانی، کاری بەو مانایە نییە، کەهەر کەس بۆی هەبێت لەهەرئیشێکدا، چ توانای بەئاکامگەیاندنی ببێت یان، دەست بەکاربێت، ئەم بۆچوونە کەهەر کەس ویستی دەبێت،

بتوانێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی ناهاوئاوسەنگی لەنێوان کارکردنی دەست و چاویدا، ببێتە پزیشکن، یانەشتەرگەر، قسەیەکی بێبناغەو وڕێنەیە.

واتای هەلی یەکسانی کاری، پێکهێنانی بواری یەکسان بۆ تێکرای ئەو کەسانەیە، کە بۆ بەڕێوە بردنی کاری مەبەست شارەزایی و لێهاتوی پێویستیان هەیە، هەڵبەت ئێستاش دەتوانین، ئەمە بەئاکارێکی نایەکسان نێوزەند بکەین، لەبەرئەوەی کەرەنگە بەشێك لەخەڵك، ئەم بەختەیان هەبێت، کەلە بابەتی ژینتێکیەوە، بەتوانایەکی زۆرترەوە لەدایکبن، یالەفێرککردنێکی باشتر کەڵکیان وەرگرتبێت و هەر بەمبۆنەوە لەپێشبرکێیەکی بەرواڵەت یەکسانی بازاری کاردا، دەستی بالایان هەبێت.

بەرهەرحاڵ دەرفەتی یەکسانی کاری بەشێوەیەکی باو تەنیا وەك لایەنێکی بەرەو پێشەوە چوون جۆرەکانی دیکەی یەکسانی(وەك یەکسانی هەلی خوێندن)لەبەرچاو دەگیرێت.

داخوازی یەکسانی هەلی کار، زۆرتر بەرهەمی لەگۆڕیدا بوونی هەندێك هەلاواردنی باو وبەربلاوی نەژادی و رەگەزیە. یەکسانی خوازەکان دەڵێن: پێویستە بەیەك چاو، سەیری ئەو خوازیارانە بکرێت، کەلێهاتوویی و شارەزای جێبەجێکردنی کارێکیان هەیە. نابێت هیچ کەسێك بەهۆی سەرچاوەی رەگەزی یان نەژادیەوە، بکەوێتە بەر هەلاواردن و جیاوازی دانان مەگەر لەهەندێك نمونەی دەگمەندا، کەرەگەز یان نەژادێکی تایبەت، خۆی لەریزی لێهاتووی و فاکتەرە پێویستیەکانی جێبەجێکردنی کاری مەبەستدا بێت(وەك کەڵك وەرگرتن لەپیاوێکی سپی پێست، بۆ گێرانی رۆڵ لەفلیمێکدا).




هەندێك لەیەکسانی خوازەکان لەرووبەرووبوونەوەی یەکسان لەگەل ئەو خوازیارانەی کەخاوەنی مەرجە پێویستیەکانی وەرگتنی کارێکن تێپەڕن و دەڵێن، ئامانج رزگاری لەدەستی هەرچەشنە نایەکسانییەکە لەهەندێك کاردا، شێوازی پێشنیازی بۆلابردنی ئەو نایەکسانی و ناهاوسەنگیە، (هەلاوردنی پێچەوانەیە).

**هەلاوردنی پێچەوانە**

هەلاواردنی پێچەوانە، بەواتای هەلی هەلگرتن و دامەزرداندنی تاکەکانی سەربەوتاقمانەیە، کەسەبارەت بە مافەکانیان لەرابردوودا کەوتبێتنە بەرهەلاوردنەوە .

بەواتایەکی دیکە، لەهەلاوردنی پێچەوانەدا، هەلاوردنێکی بەئەنقەست بەقازانجی ئەودەستە لەخوازیارانی وەرگێران، لەکارو دامەزراندن بەرێوە دەچێت، کەپێشتر هەلاوردن بەزیان و پێچەوانەی بەرژەوەندی ئەوان لەگۆڕێدا بووە.

ئامانجی ئەم چەشنە هەلسوکەوتە، نایەکسانانە لەگەل تاکەکاندا، بەخشینی خێرایی بەرەوتی یەکسانی لەکۆمەڵگەیەکدایە، هەلاوردنی پێچەوانە، نەتەنیا دەبێتە هۆی رزگاری لەناو هاوسەنگیەکانی، لەگۆڕیدا بوونی هەندێ کار، بەڵکو نمونەیەکیش بۆ پەیرەوی و پێشکەوتن، دەخاتە بەردەم نەوەی نوێ و ئەم تاقم و توێژانەی کەلەمێژە لەقانگەلێکی کەمتر کەڵك وەردەگرن.

کەوا بوو بۆ وێنە، سەرەرای ئەم راستیە، کەلەبەریتانیا بەشێکی زۆری ژنان لەخولی بەکالۆریۆسدا، بەشی فەلسەفە هەڵدەبژێرن، بەڵام رێژەی مامۆستایانی پیاو لەم بەشەی زانکۆدا، لەژنان زۆرترە.

لایەنگرانی شێوازی هەلاواردنی پێچەوانە دەڵێن، بەجێگای ئەوەی کە راوەستن، هەتا بارودۆخەکە

بەرەبەرەو لەسەرخۆ بەرەو باش بوون بڕوات، دەبێ هەڵوێستێکی ئەکتیڤ بگرین و هەڵاواردنێك بەڕێوە بەرین، لەبەرژەوەندی ژنانی خوازیاری وانە گوتنەوە لەزانکۆدا.

واتە، هەرکات ژن و پیاوێك، کەکەم یازۆر لێهاتویەکی یەکسانیان هەیە ، خوازیاری وەرگێران لەکارێکی تایبەتدا بن، پێویستە ژنەکە وەربگیردرێ.

سەرەرای ئەم زۆربەی لایەنگرانی شێوازی هەڵاواردنی پێچەوانە، ئەم سنوورەش تێدەپەڕێنن دەڵێن، تەنانەت ئەگەر ژنە خوازیارەکە لەو کارەدا لێهاتویەکی کەمتریشی هەبێ، بەمەرجێك کەتوانای راپەراندنی ئەرکەکانی پەیوەندیدار بەو کارەی هەبێ، پێویستە پێش خوازیارە پیاوەکە وەر بگیردرێت. هەڵاواردنی پێچەوانە تەنیا، رێگاچارەیەکی کاتیەو تائەو کاتەی درێژەی دەبێت، کەرێژەی ئەندانمانی ئەو گروپانەی کەلە لەرابردوودا بەشێوەی نەریتی لەوەرگێران دامەزران وەلادەنران، رادەیەك یەکسان بێت، لەگەڵ رێژەی حەشمیەتی ئەم گروپە، لەسەرجەم خەڵکدا.

لەهەندێك وڵاتدا هەڵاواردنی پێچەوانە نایاساییەو هەندێکی دیکەدا پێویستیەکی یاساییە.

رەخنە لەهەڵاواردنی پێچەوانە.

١ . دژی یەکسانخوازیە رەنگە ئەو ئامانجانەی لەهاڵاواردنی پیچەوانەدا، مەبەستن لەبنەڕەتدا ، یەکسانخوازانە بن، بەڵام هەندێك کەس لەسەرئەم باوەڕن ، کەشێوەی گەیشتن بەوئامانجانە ، لەڕاستیدا لەگەڵ یەکسانخوازی ناتەبایە .

بۆیەکسانخوازێکی رەسەن، پڕەنسپی یەکسانی لەهەلەکاریەکاندا، بەمانای خۆبوردن لەهەرچەشنە هەلەکارییەکاندا، بەمانای خۆبواردن لەهەر چەشنە هەڵاواردنێکە کەلەهەندێ هۆکاری ناپێوەندیدارەوە سەرچاوەی گرتبێت، تەنیا هۆکارێك کەدەتوانێ رەوایی بەئاکاری نەیەکسان، لەگەڵ خوازیارانی کاردا بدات، جیاوازی لەتواناییەکاندایە، ئێستا هەموو ئەو لۆژیکەی کەشێوازی هەڵاواردنی پێچەوانە پشتی پێبەستوە، لەسەر بناغەی ئەم گریمانەیە راوەستاوەکە، لەزۆربەی کارەکاندا، هەندێك فاکتەری وەك .....، رەگەز هتد، خەسڵەتگەلێکن کەپێوەندییەکیان بەخودی کارو لێهاتوویی و تواناییەکانی خوازیارەوە نییە، ئاکاری هەڵاواردنی پێچەوانەیە، لەگەڵ ئەم پڕەنسیپە لە دژایەتیدایە، چونکە خوازیار بەتەواوەتی لەسەر بناغەی هەندێك تایبەتمەندی، وەك نەژادو رەگەز (کەلە راستیدا هیچ پێوەندییەکیان بەتوانای کارییەوە نییە) وەردەگیردرێت. بەم پێیە هەرچەندە بەرهەمی هەڵاواردنی پێچەوانە دڵخوازو جێی پەسەندیش بێت، لەبەر دژایەتییە نێوە رۆکیەکەی لەگەڵ پڕەنسیی بنچینەی(یەکسانی لە هەلەکاندا) ناتوانێ جێگای پەسەندی ئەوکەسانە بێت کەدەربەست و بەستراوەی ئەو پڕەنسیەن.

هەڵبەت رەنگە لایەنگرانی هەڵاواردنی پێچەوانە، لە وەڵامدا بڵێن" بارودۆخی ئێستا بۆ ئەندامانی ئەو تاقم و توێژانەی بێبەریتن، گەلێك بێدارانە تر لە بارودۆخێکە، کە رەنگە پاش جێبەجێکردنی شێوازی هەڵاواردنی پێچەوانە بێتە بەرهەم.

لەلایەکی دیکەوە، لەهەندێك نموونەی توند تردا، کە هیچ چارەیەك جگە لەبەرکارهێنانی شێوازی هەڵاواردنی پێچەوانە لە گۆڕێدا نیە، دەکرێ پێگەی نەژادی و رەگەزی خوازیاریش، وەك یەکێك لەتایبەتمەند پێویستەکانی راپەڕاندنی کار، لەبەرچاو بگیردرێت، چونکە بەشێك لە ئەرکەکانی ئەو کەسەی بەم شێوە هەڵدەبژمێردرێت، ئەوەیە کە، بۆ ئەندامانی دیکەی گروپەکەی رۆڵی نموونەیەك ببینێ و پیشانیان بدات، کە خۆشیان توانای راپەڕاندنی ئەرکە پێوەندیدارەکانی ئەم کارەیان هەیە. هەڵبەت ئەوەی کە ئایا بە پێی بنەما ئەم بارودۆخە دەچێتە خانەی، پڕەنیسی هەڵاواردنی پێچەوانەیانە، خۆی جێگای گەنگەشەیە، چونکە ئەگەر ئەم تایبەتمەندیانە (نەژادی، رەگەزی و...) بەراستی لە ریزی چۆنایەتی و لێهاتووییە تایبەتەکانی کاردابن، ئەدی رەچاوکردنیان لەکاتی هەڵبژاردنی فەرمانبەراندا، نموونەیەك لەشێوازی هەڵاواردنی پێچەوانە نابێت، بەڵکو نەرم و ئاسانکردنەوەی گرینگترین تایبەتمەندیگەلێکە، کە بۆ راپەڕاندنی کارێکی تایبەت، بە پێویستیان دەزانین.

٣- رەنگە ببێتە هۆی زیز بوون و دروستبوونی تۆڵە سەندنەوە.

ئەگەر چی مەبەست لەبەکارهێنانی هەڵاواردنی پێچەوانە، پێکهاتنی کۆمەڵگەیەکە، کەلەوێدا ئەگەری دەسترا گەیشتنی، یەکسانتر بە هەندێك لەکارەکان دابین بکرێت، بەڵام رەنگە لەکردەوەدا بەکارهێنانی هەندێك هەڵاواردنی دیکەی لێبکەوێتەوە، بە زیانی ئەو گروپانەی کەلەکاتی بۆکار وەرگرتنیاندا وتوونەتە بەرهەڵاواردنی پێچەوانە.

رەنگە ببێتە هۆی دروستبوونی هەستی رق و تورەیی لەلای کەسانێك، تەنیا بەهۆی ئەندام نەبوونیان لە گروپە بێبەریەکاندا، لەبەدەستهێنانی کارێکی تایبەت بێبەشکراون، بەرامبەر بەوکەسانەی، کەتەنیا

لەبەر رەگەز، یان نەژاد ئەوکارەیان دەستخستووە. ئەم شتە بەتایبەت لەو کاتانە روودەدا کەفەرماندەران، کەسانێك وەردەگرن، کە بەشێوەیەکی بەرچاو هەست پێکراو توانای بە ئاکام گەیاندنی ئەو ئەرکەنەیان نەبێت، کەلەو کارەدا مەبەستن. ئەمە نە تەنیا شایەتی ئەو هەڵاوارنەیە، کە فەرماندەران و فەرمانبەرانی دیکەش بەرامبەریان بەکاری دێنن، بەڵکوو وەرگیراوەکانیش چیدیکە، ناتوانن نمونەیەکی سەرنجڕاکێشی ئەندامانی دیکەی گروپەکەیان بن، ئەم کێشەیە لە ئاکامدا فەلسەفەی بنەمای یەکسانی لەدەستڕاگەیشتن بەکارەکان، کەدوایین ئامانجی شێوازی هەڵاواردنی پێچەوانەیە، دەخاتە ژێر پرسیارو خەوشداری دەکات. بەهەرحاڵ بەدڵنیا بوون لەبەڕێوەچوونی کەمترین یاساو رێساکانیان، لە وەرگرتنی ئەو خوازەرانەدا کە بە پێی بەکارهێنانی هەڵاواردنی پێچەوانە وەردەگیردێن، رێگا بۆ وەلانانی ئەم رەخنەیە خۆش دەبێت.

یەکسانی سیاسی: دیموکراسی

یەکێکی دیکە لەو بوارانەی، کە تێیدا کێشەی یەکسانی بابەتی لێبکەوێتەوە، بەشداری سیاسیە. زاراوەی دیموکراسی بەچەند مانا بەکار دەهێنرێت، بەڵام بەگشتی لەسەر ئەم پێناسە گشتیە کۆکن کەدیمۆکراسی (شێوازێکە بۆ بەشدارکردنی تێکڕای هاوڵاتیان لە بڕیارە سیاسیە کاندا). دوو روانگەی دیمۆکراسی کەبە شێوەیەکی هێزی (بالقوە) دژ بەیەکیشن، زۆر تر لەوانی دیکە خۆ دەنوێنن" روانگەی یەکەم جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە ئەندامانی کۆمەڵگە، دەبێ بواری بەشداری لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەیانیان هەبێت لە (زۆرتر لەرێگای دەنگدانەوە). روانگەی دووهەم جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە، سیتمێکی دیمۆکراتیك، دەبێ بتوانێت رەنگدانەوەی بەرژوەندیی راستەقینەی خەڵکەکەی بێت(تەنانەت ئەگەر خودی خەڵکەکەش زانیارییەکان نەبێت یا پێکنە)هاتبێت لەسەر ئەوەی کە بەرژەوەندی راستەقینەیان چیە؟) ئەمن لەم وتارەدا، جەخت لەسەر روانگەی یەکەم دەکەم.

دیموکراسی لە یۆنانی کۆندا، بریتی بوو لە سیستمی دەسەڵاتێکی دەوڵەوت شاری، کە بەجێگای دەسەڵاتدارێتی چەك کەس(ئولیگارش)یان کەکەس (مونارێشی)، دەسەلات بەدەست خەڵکەوە بێت. ئەگەر چی لە سیستمی سیاسی ئاتێنی کۆن، وەك نمونەی دیموکراسی یاد دەکرێت، بەڵام توشی هەڵە دەبین، ئەگەر بەدەسەڵاتی هەموو خەڵکی بزانین، چونکە ژنان، کۆیلەکان و گەلێك لە غەیرە) وڵاتیانی نێشتەجێ لەوێ، مافی بەشداری سیاسییان نەبوو، لەراستیدا ئەمرۆیش هیچ سیمتیکی سیاسی دیموکراتی، بەهەموو هاوڵاتیانێك کەلە چوارچێوەی سنورەکاندیدا نیشتەجێن، رێگای بەشداری سیاسی نادات. ئەمە بەشێکی زۆر لەو کەسانە(وەك منداڵان و شێتەکان) دەگرێتە بەر، کە تێگەیشتنی پێویستیان بۆ بەرێوەبردنی کارەکانی خۆیان نیە، بەگشتی هەر وڵاتێك، کەبەشێکی زۆری وڵاتیانی لەبەشداری سیاسی بێبەش بکات، شایانی نیوی دیمۆکراتی نیە.

دیموکراسی ڕاستەوخۆ

یەکەمین دیموکراسیە کان،دیموکراسی ڕاستەو خۆبون .

واتەئەوکەسانە کەشایەنی دەنگدانبوون، بەجێگای هەڵبژاردنی نوێنەر، ڕاستەوخۆ سەبارەت بەکێشەکانی دەوڵەت شاربڕیاریاندا، دیموکراسی ڕاستەوخۆتەنیا لەهەلومەرجێکدا دەگونجێت کەیاڕێژەی دەنگدەران کەم بن یان ئەوبابەتانەی کە بڕیاریان لەسەردەدرێ، لەکاتێکدا کەڕێژەی ئەوکەسانەی کەشایەنی دەنگدان وئەوبابەتانەی کە پێویستیان بەبڕیاردان هەیە، زۆربێت، گەلێك کێشەی پراکتیکی سەرهەڵدەدەن، لەم جۆرەدیموکراسیەدا، حەشیمەتی دەنگدەر، بۆئەوەی کەبتوانێت بڕیارگەلێکی بەجێ بدات، دەبێت سەبارەت بەوبابەتانەی کەبڕیاریان لەسەردرا زانیاریو شارەزای پێویستی هەبێت، ئەمەش پێویستی بەهەبوەی کات وپەروەردەی سیاسی پێویست هەیە، ڕەنگە ئەمە چاوەڕوانیەکی لەڕادەبەدەربێت، کەلەهاوڵاتیەکان بۆی پێبەپێی گۆرانکاریەکان بچینەپێش و لەسەر هەمووبابەتەکان، زانیاری ڕۆژیان هەبێت، بۆیە دیموکراسیەکانی ئەمڕۆ، بەشێوەی دیموکراسی لەڕێگای نوێنەرانەوە بەڕێوەدەچێت.

دیموکراسی لەڕێگای نوێنەرانەوە،

لەدیموکراسیەکدا بناغەکەی لەسەر نوێنەرانی داڕێژرابێت، خەڵك لەڕێگای بەڕێوبردنی هەڵبژاردنەوە نوێنەرانی خۆیان هەڵبژاردن، دواتر ئەم نوێنەرانە لەڕەوتی بڕیاردان لەڕۆژنامەکاندا بەشداری دەکەن، ڕەنگە خودی ڕەوتەکەش لەسەر بناغە دیموکراسیەکان ڕاوەستابێت .

ئەودیموکراسیانەی کەلەسەر بنەمای نوێنەرایەتین، تائەوجێگاییەی کەنوێنەرانی خەڵك لەدەسەڵاتدا، لەلایەن خودی خەڵکەوە هەڵدەبژێدرێت، جۆرێك لەدەسەڵاتداریەتی خەڵك بەسەرخەڵك دێنە ژمار،بەڵام ناکرێت وەك نمونەیەکی تەواوی لەبەرچاوبگرێت،

چونکە پاش ئەوەیکە نوێنەران لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێرن، زۆربەیان چیدیکە خۆیان لەپێناو ئەوبابەتە تایبەتانە داکەوین وخواستی خەڵکن، بەرپرس نازانن و خۆیانی پێنابەستنەوە .

هەڵبەت بەڕێوبردنی هەڵبژاردنی پەتیا پەتیا لەولاتێکدا، میکانیزمێکە بۆ پێشگردن بەکەڵك وەرگردنی خراپ لەکورسی نوێنەرایەتی: ئەودەستە لەنوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵك کەڕێزیان لەویست و داخوازی هەڵبژێرانی خۆیان نەگرتوە، ئەگەری دووبارە هەڵنەبژێردرانەوەیان هەیە .

رەخنە لەدیموکراسی

١- دیموکراسی لەپێوابوون و گومانێك پترنیە .

هەندێك لەبیرمەندان، بەتایبەت ئەوانەی لەژێرکاریگەری کارل مارکسدا (١٨١٣- ١٨١٨) بونە، کۆمەڵێك ڕەخنەی توندیان، لەو جۆرە دیموکراسییانە گرتوە، بەبۆچونی ئەوان ئەم شێوە دیموکراسییە، تەنیا هەستێکی ناڕاست ودرۆینەی بەشداری لەدانی بڕیارە ڕامیارییە کاندا دروست دەکات .

بەڵگەیشان ئەوەیە کە، دەنگدان بەتەنیاو لەخۆیدا سەقامگیربوونی دیموکراسیو دەسەڵاتی ڕاستەقینەی خەڵك دەستەبەر ناکات .

هەندێك لەدەنگدەران لەبنەمادا، ئاگاداری بەرژەوەندیەکانی خۆیان نین، یان ڕەنگە لەهەڵبژاردنەکەیاندا فریوی قسەزانانی شارەزایان خواردبێت، سەرەڕای ئەمەش، سنورداربوونی ڕێژەی کاندیکانی هەڵبژاردن لەزۆربەی هەڵبژاردنەکاندا، دەرفەتێکی ئەوتۆ بەهەڵبژێرەران بۆ هەڵبژاردنی باش نادات. بەسەرنجدان بەوەی، کەئەم جۆرە دیموکراسییە، شتێك نییە، جگە لەهەڵبژاردن لەنێوان دوو یان سێ کاندیدا، کەبەکردەوەش شێوازە سیاسیەکانیان، جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، بەدژواری بۆمان دەردەکەوێت، کەبوەتە ئەو رادەیە، ڕەوایی بەدەست هێناوە. مارکسیتەکان ئەم بارودۆخە بەو (دیموکراسی بورژوازی) واتە ڕەنگدانەوەی پێوەندیە ئارایییەکانی دەسەڵات دەزانن، کەخۆی لەسەر بنچینەی پێوەندیە ئابوریەکان پێکهاتووە.

کەوابوو، مادام ئەم پێوەندیانەی دەسەڵات، کەسەرخان پێکدێنن، بەگۆڕانکاری لەژێرخانەکاندا، ئەو هاوسەنگی و چاکسازیەکیان تێدا پێکنەیێت، دانی مافی دەنگدان بەخەڵك بۆ بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا، تەنیا کات بەسەربردنە.

٣-دەنگدەران پسپۆنین.

ڕەخنەگرانی دیکەی دیموکراسی بەناوبانگترینیان (ئەفلاتوون) ئاماژە بەوە دەکەن، کەبڕیاردانی دروست و پەسندی سیاسی، پێویستی بەهەبوونی زانیاریەکی پسپۆڕانەی بەرچاو هەیە، کەوابوو بەسەرنجدان بەوەی ڕەشایی هاولاتییان لەوەها، توانایەکی پسپۆڕانە بێبەش، ئەگەرێکی زۆری هەیە کەدیموکراسی ڕاستەخۆ بەرهەمهێنەری سیستمێکی هەرە لاوازو خەوشدار بێت، چونکە دەسەڵات دەکەوێتە دەست کەسانێکی ناشارەزاو کەمئەزموون لەچالاکی سیاسیدا.

دەتوانین نموونەی ئەم بەڵگانە بۆ ڕەتکردنەوەی دیموکراسی، لەسەر بناغەی نوێنەرایەتی بەکاربێنین، زۆربەی دەنگدەران لەئاستێکدانین، کەتوانای لێکدانەوەی لێهاتویی یان، لێنەهاتوویی کاندیدایەکی نوێنەرایەتی بۆ کاروباری حکومەتیان هەبێت،



جۆن ستیوارت میل

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دەنگدەران لەهەلومەرجێکدا نین، کەتوانای هەڵسەنگاندنی دروستی پرۆگرام وشێوازە سیاسییەکانیان هەبێت، نوێنەرانی خۆیان بەپێی هەندێك کارکتەرو تایبەتمەندی (وەك ڕواڵەت و جوانی یان تەنانەت پێکەنینە دڵڕفێنەکانیان) هەڵدەبژێرن، کەهیچ پێوەندییەکی بەکارو ئەرکەکانیانەوە نییە. هەندێك جار تەنیا لەبەر لایەنگری دەمارگرژانەی حزبی دەنگ، بەکاندیدایەك دەدری. هەر بەم هۆیەوە بەشێکی زۆر

لەو کاندیدا گەلەی کەبەشێوەیەکی هێزی، بژاردە ولێهاتوون، هەڵنابژێردرێن و بەجێگای ئەوان، نوێنەرانێکی دیکە کەبەقەدەر ئەوان لێهاتوویی و لێوەشاوەیی نوێنەرایەتی خەڵکیان نییە، تەنیا لەبەر هەندێك کاراکتەری هەڵکەوتەوە کەهیچ پێوەندیو ..هاودرێژەییەکی بە ئەرکەکانیانەوە نییە، دێنە نێو بازنە سیاسەتەوە.

بەبۆچوونی ئێمە کێشەکانی سەرەوە نەك پێویستی وازهێنان لەسیاسەتمان پیشان نادەن، بەڵکو دەکرێ وەك ئامارژەیەك بۆ پێویستی فێرکردنی هاوڵاتیان بۆ بەشداری لەسیاسەتدا کەڵکی لێوەر بگردرێت، ئەگەر فێرکارییەکی ئەوتۆش دەست نەدات، دیسانەوە دیموکراسی نوێنەرایەتی لەنێو سیستمە سیاسیەکانی دیکەدا، باشترین رێگا بۆ دەست راگەشتن بە بەرژوەندییەکانی نەتەوەیە.

ناتەبا نوێنەکانی دیموکراسی

بابڵێن منی نوسەر، وەك تاکێك، بڕوام وابێت کەسزای لەسێدارەدان، سزایەکی درندانەیەو قەت نابێت لەولاتێکی شارستانیدا بەڕێوەبچێت، ئەگەر سەبارەت بەبەرێوەچوونی ئەم سزایە راپرسییەك لەوڵاتەکەمدا بکرێت، دەنگی نەرێنی پێدەدەم، بەڵام ئەگەر لەم راپرسییەدا، زۆرینەی هاوڵاتیان دەنگی ئەرێنییان پێدا، ئەو کاتە من لەگەڵ پارادۆکس، یان تەبایی نوێنێك بەرەو روو دەبم، لەلایێکەوە وەك کەسێك کەلەسەر بڕوا و تێگەیشتنە تاکە کەسییەکانی خۆم سورم، بڕوام بەنادروستی سزای لەسێدارەدان هەیە وپێموایە، نابێ قەت رێگا بەبەرێوەبردنی ئەم سزایە بدرێت، لەلایەکی دیکەشەوە، بەهۆی بڕواو دەربەستبوونم بەدیموکراسی، لاموایە کەدەبێ دەنگی زۆرینە پێڕەو بکرێت، پارادۆکسی باسکراو، لێرەدا خۆی دەردەخات:

ئەمن هەم لەسەر ئەو بڕوایەم کەسزای، لەسێدارەدان نابێ بەڕێوەبچێت (بەپێی بڕوا تاکە کەسییەکانم) هەم بڕوامواییە کەسزای لەسێدارەدان دەبێت بەرێوە بچێت (بەپێی بڕواو دەربەست بوونم بەدیموکراسی) ئەمانە دوو بڕوای ناتەبان. لەراستیدا هەرکەسێك کەبڕوای بە بنەماکانی دیموکراسی هەبێت، کاتێك کەدەکەوێتە دۆخی کەمینەوە، بەناچار بەرەو رووی پارادۆکسێکی ئەوتۆ دەبێتەوە.

هەڵبەت ئەم کێشەیە، تیوریای دیموکراسی، بەگشتی خەوشدار ناکات، بەڵام لەهەمانکاتدا، سەرنجاتان بۆ ئەگەری سەرهەڵدانی دژایەتی لەنێوان تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی تاك، لەگەڵ بڕیارو هەڵسەنگاندنی زۆرینە رادەکێشێ. لەباس (نافەرمانی شارستانی)دا زۆرتر لەم بارەیەوە دەدوێنین. بەگشتی هەرکەس بڕوای بە بنەماکانی دیموکراسی هەبێت، ناچار دەبێ..هاورێژەیی نێوان سەنگی بڕواکانی تاك و پلەو سەنگی بڕیارەکانی کۆمەڵ دیاری بکات و یەکیان هەڵبژێرێت، هەروەها دەبێ بتوانێ بەروونی و ئاشکرایی، مەبەستی خۆی لە (پێداگربوون لەسەر بنەما دیموکراتیەکان) پێناسە بکات.

ئازادی

ئازادیش وەك دیموکراسی، دەستەواژەیەك بەواتای جیاوازو جۆراوجۆر بەکارهێزاوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لەبواری سیاسەتداو تێگەیشتنی گشتی لەئازادی لەئارادان: ئازاری نەرێتی و ئازادی ئەرێنی، (ئایزایابێرلین) لەوتارێکی بەناوبانگدا بەنێوی (دووچەمکی ئازادی) پێناسە، شیکاری و راڤەی ئەم دوو تێگەیشتنە دەکات.

ئازادیی نەرێنی

یەکێك لەپێناسەکانی ئازادی نەبوونی زۆرو ناچارییە. زۆروناچاری لەکاتێکدایە، کەمرۆڤەکانی دیکە بتوانن، بەپێچەوانەی ویستی خۆتان، ناچاربەکردەوە، یان هەڵسوکەوتێکی تایبەتتان، بکەن، یان پێش بەکردەوەو هەڵسوکەوتێکی تایبەتتان بگرن، جا ئەگەر لەلای هیچ کەسەوە، نەکەوتنە ژێر زەخت و ناچاری، ئەوا ئێوە لەم بارودۆخەدا، خاوەنی ئازادی نەرێنین.

ئەگەر کەسێك کردن بەندیخانەی، چیدی ئازادتان پێناگوترێت. کاتێکیش کەدەستیان بەسەر پاسپۆرتەکەتاندا گرتبێت و ئێوەش بەنیازی رۆشتن بۆ دەرەوەی وڵات بن و نەتوانن، یا نەهێڵن لەپێوەندی لەگەڵ بواری تاکە کەسی خۆتاندا، هەندێك بڕیاری تاکەکەسی بدەن، دیسان هەر ئازاد نین لەراستیدا ئازادی لەچەمکە نەرێنیەکەیدا، بەواتای ئازادبوون لەکۆسپ و سنوردایەتیە، کەوابوو ئەگەر کەسێك لەبەئاکام گەیاندنی کارێکدا، چالاکانە رێ لێنەگرتن، ئەوا ئێوە ئازادن.

زۆربەی دەوڵەتەکان، تارادەیەك ئازادی هاوڵاتیان بەرتەسك دەکەنەوە، زۆرتر وای پاساو دەدەنەوە کەدەیانەوێ پارێزگاری لەمافی تێکڕای هاوڵاتیان بکەن.

ئەگەر هەر کەس لەئاکامگەیاندنی هەرکارێکدا ئازادبێت و بۆ بلوێ، کەهەرشتێکی ویست بەئاکامی بگەینێت، ئەو کاتە بەهێزترین وبێبەزەیترین کەس و لایەنەکان، بەنرخی فیدراکردنی و قوربانیکردنی

بێهێزەکان، بەدەوڵەتو کامەرانی دەگەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی فەیلەسوفە سیاسییە لیبراڵەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کەدەبێ چوارچێوەك وەك چوارچێوەیەکی پارێزراو لەژیانی تایبەتی تاکەکاندا دیاری بکرێت، واتە بەمەرجی زیانمەند نەبوونی بۆ خەڵکی دیکە، دەوڵەت مافی دەستێوەردانی تێدا نەبێت، بۆ نموونە جان ئێستورات میل لەناميلکەی (سەبارەت بەئازادی)دا بە بەڵگاندنێکی لیبڕاوانەوە ئاماژە دەکات، کەمرۆڤەکان دەبێ، بۆیان هەبێ کەبەشێوەیەکی ئازارو بەبێ دەستێوەردانی دەوڵەت (ژیان تاقی بکەنەوە) بەو مەرجەی کەلەم پرۆسەدا، زیان لەکەسێکی دیکە نەدرێت.

رەخنە لەئازادیی نەرێنی

چ شتێك زیاندانە لەخەڵکی دیکە

دیاریکردنی پێوەرو سنوری زیانگەیاندن بەخەڵکی دیکە، لەکردەوەدا زۆرئاسان نییە، بۆ وێنە ئایا زیانگەیاندن بەهەستو سۆزی، خەڵکی دیکەش دەگرێتە بەر؟ ئەگەر وابێ، دەبێ هەموو جۆرە ئەزمونێکی ژیان، لەبەر ئەوەی کەبەجۆرێك هەستو سۆزی هەندێك کەس بریندار دەکاتو دەبێتە هۆی زبربوون و دڵگرانیان، قەدەغە بکرێت. شێوازی ژیانی مرۆڤەکان لێکجیاوازن و هەندێك جار ئەم جیاوازییانە، زیزبوون و دڵگرانی لایەنی بەرامبەری لێدەکەوێتەوە، بێگومان مەبەستی جان ئیستورات میل کە زیز بوون و دڵگرانی خەڵکی دیکە، بەیەکێك لە نمونەکانی زیانگەیاندن بزانێت، بەڵام بەهەرحاڵ، دیاریکردنی سنوری نێوان ئەم دوو چەمکە، هەمیشە ئاسان نییە، بۆ وێنە، بۆ بەشێکی زۆر لەخەڵك رەفکردن و سوکایەتی بەبڕوا ئاینیەکان، گەلێك زیانبارترو ناخۆشترە، لەوەیە کەزیانێکی فیزیکییان لێدرێت، کەوابوو بەچ ئامازەیەك دەتوانین بڵێین کەئەوان لەهەڵەدان.

ئازادیی ئەرێنی.

هەندێك لەفەیلەسووفە سیاسییەکان، رەخنە لەبیردۆزەی ئازادیی نەرێنی دەگرن و وەك ئایدیالێکی سیاسی کەبەدەستهێنانی شایانی خەباتو تێکۆشان بێ، چاوی لێناکەن، لەروانگەی ئەوانەوە، ئازادیی ئەرێنی ئامانجو ئایدیالێکی گەلێك بایەخداترە ئازادیی ئەرێنی بەو واتایەیە، کەئێوە ئازادانە کۆنترۆڵ و بەرێوەبردنی ژیانی خۆتان بەدەستەوە بێت، بەم پێیە، کاتێك ئێمە ئازادیی ئەرێنیمان دەبێ، کەبەواتای راستەقینەی وشەکە بتوانین، بەهەر شێوەیەك کەدەمانەوێ کۆنترۆڵی ژیانمان بەدەستەوە بگرین.

بەبۆچوونی ئەم تاقمە لەفەیلەسوفەکان، ئازادی تەنیا لەم کاتەدا، واتاو نێوەرۆکی خۆی دەبێ و هیچی دیکە، چونکە، تەنانەت ئەگەر لە دنیای راستەقینە دا، هیچ فاکتەرێکی ئەوتۆ لەگۆڕێدا نەبێ، کەرێمان لێبگرێت و سنورمان بۆ دیاری بکات، بەڵام دیسان بەهەرهۆیەك نەتوانین بەویستی خۆمان ژیانمان کۆنترۆڵ و رێوەبەری بکەین، هێشتا بە واتای راستەقینەی وشەکە ئازادنین. گەلێك لەو فەیلەسووفانەی داکۆکی لەئازادیی ئەرێنی دەکەن، لەسەر ئەو بڕوایەن، کە ئازادی راستەقینە، بەستراوەتەوە بە بەدیهاتن و پشکووتنی تاکتیکی مرۆڤ لەرێگای مافی هەڵبژاردنی ئازاد لەژیانی تاکە کەسیدایە.

بۆ وێنە، گریمان کەسێك ئاڵکۆڵی بێتو لەبەر مەستی، لەژیانیدا بڕیار گەلێکی هەڵەو نادروست بدات، تارادەیەك کەبۆ دابینکردنی پەیکێکی زۆرتر، هەموو ژیانو دراییەکەی بەفیرو بدات، ئایا دەکرێ بڵێین ئەو کەسە، لەرێوەبەری و کۆنترۆڵی ژیانیدا ئازادە؟ بێگومان ئەو ،وەڵامەی کەدەستبەجێ بەبیرماندا دێت، نەیە نەخوازم ئەگەر ئەو کەسە، لەکاتی هوشیاریدا لەهەڵەکانی شەرمە سارو پاشگەزببێتەوە، لەراستیدا رێوەبەریو کۆنترۆڵی ژیانی ئەم کەسە ئاڵکۆڵییە لەدەست خوایدا نییە، بەڵکو لەدەستی ئاڵکۆڵدایە، ئەو بۆتە کۆیلەی ئەم حەزو ئارەزووەی خۆی. ئەگەرچی هیچ فاکتەرێکی زەختو ناچارکردنی دەرەکی لەگۆڕێدا نییە، بەڵام ئەم کەسە ئاڵکوڵییە بەمانای راستەقینە، خاوەنی ئازادی، بەواتا راستەقینەکەی نییە.

تەنانەت لاینگرێکی ئازادیی نەرێنیش، دەتوانێ بیسەلمێنێ، کەئاڵکۆڵییەکانیش، وەك منداڵان ناتوانن بەرپرسی وڵامدەری کردەوەکانی خۆیان بن، هەربەم شێوازە، دەبێ بەجۆرە زەبرو زەختێك ناچار بکرێن.

ئێستا ئەگەر کەسێك لەژیانیدا، بەردەوام بڕیاری هەڵەو گەژانە بدات و هەموو هێزو تواناکانی بەفیرۆ بدات، بەپێی بۆچوونی (جان ئیستورات میل) رەنگە بتوانین ئامۆژگاریی بکەین، وباسێکی لۆژێکی لەگەڵ بکەین، بەڵام قەت بۆمان نییە، ناچاربکەین بەهەڵبژاردنی شێوەیەکی باشتر لەژیان ئەم زەخت و ناچارکردنە، بەواتای بەرتەسککردنەوەی ئازادی نەرینیەتی ئەوانەی کەداکۆکی لەپرەنسیپی ئازادیی ئەرێنی دەکەن، رەنگە بەلگاندنیان ئەوەبێت کە، کەسێکی وا، کەنەتوانێ توانا هێزییەکانی بخاتە قۆناغی کردەوەو بەسەرویست و ئارەزوە بزۆزەکانیدا سەرکەوێت پێکهێنانی، بواری دەستهێنانی ئازادییە راستەقینەکان.

(ئایزایا بێرالین) هەر لەسەر ئەم بنەمایە دەڵێ، چەمکی ئەرێنی ئازادی، دەتوانێت بەئاسانی ببێتە ڕێگایەك، بۆ بەکارهێنانی هەر چەشنە زەخت و ناچارکردنێکی بێدادانە: بۆ وێنە بەڕێوەبەرانی حکومەت دەتوانن بەو پاساوەی، کەلەوە دەستهێنانی ئازادییەکی راستەقینەدا، یارمەتیان دەدەن، بەزۆرناچار بەهەڵسوکەوتێکی تایبەتیان بکەن (ئایزایا بێرلین) بەگەڕانەوە بۆ مێژوو پێشاندەدا، کەچۆن لەم ڕێگایەوە، چەمکی ئەرێنی ئازادی، زۆرجار بەخراپ کەڵکی لێوەرگیراوە، هەڵبەت مەبەست ئەوەنییە کەئازادی ئەرێنی، خۆیدا شتێکی خراپی تێدایە، بەڵکو مەبەستی (بترلین) ئەوەیە کە پێشانی بدات، ئەگەر لەم چەمکە کەڵکی خراپ وەربگیردرێت، دەتوانێ ببێتە چەکێکی مەترسیدار.



جۆن ستیوارت میل

ئەستاندنەوەی ئازادی: سزادان

دەتوانین چ بەڵگەیەك بهێنینەوە بۆ ئەستاندنەوەی ئازادی مرۆڤەکان، وەك جۆرێك لەسزادان بەواتایەکی دیکە چۆن دەتوانین ئەستاندنەوەی ئازادیی مرۆڤەکان، لەچەمکە نەرێنیەکەیدا بدەینەوە؟ هەروەك لەبەشی پێشودا، دیتمان بیرۆکەی ئازادیی ئەرێنی، دەتوانێ بۆ پاساوی بەرتەسککردنی ئازادیی مرۆڤەکان و زەخت خستنە سەریان، بەکاربهێنرێت. پاساوی ئەم کردەوە ئەوەیەکە، تەنیا بەپشتگیری و پاراستنی تاکەکان، لەبەرامبەر زیانگەلێکدا، کەخۆیان لەخۆیانی دەدەن، دەتوانین لەوەدەستهێنانی ئازادیی راستەقینەدا، یارمەتییان بدەین.

فەیلەسوفەکان هەوڵیان داوەکە سزادانی تاکەکان لەلایەن دەوڵەتەوە، لەسەر چوار بنەمای بنچینەیی پاساو بدەنەوە. بنەماکانی ئەم چوارپاساوە بریتین لە:

١-سزادان وەك قەرەبووکردنەوە، ٢-سزادان وەك فاکتەرێکی وەستێنەر.
٣- سزادان وەك ڕێگایەك بۆپاراستنی کۆمەڵگە، ٤- سزادان وەك ڕێگای چاکردنەوەی کەسی سزادراو .

پاساوی یەکەم، بەگشتی لەسەر بناغەی بەجێهێنانی ئەرك و سێ پاساوەکەی دیکە، لەسەربنچینەی بەرهەمدار بوون وقازانجەکانی پاشکۆیان ڕاوەستاون .

سزادان وەك قەرەبوکردنەوە

ڕوانگەی قەرەبوکردنەوە خوازی، لەسادەترین فۆری خۆیدا، ڕوانگەیەکە دەڵێ، ئەوکەسانەی کەبەئەنقەست و بۆمەبەستێکی دیاریکراو یاساپێشێلدەکەن، شیاوی ئەوسزایەن، کەدەدرێن، جاچ ئەوسزایە قازانجێکی بۆکەسی تاوانبار، یان کۆمەڵگە هەبێ، یا نەبێ. هەرکەس کە بۆمەبەستێك و بەئەنقەست ئەو یاسایە پێشێل بکات، شیاوی ئازار و دەرەنجامەکانی سزادانە، هەڵبەت بێگومکان کەسانێك هەن، کە لە بەرپرسیارێتی تەواوێك، کە دەرئەنجامی پێشێلکردنی یان سایە. یاتەنانەت لە هەندێك بابەتی تێپەردا، کەسانێك کەتوشی شێتخوازی، نەخۆشیەکی توندی دەروونین، بە جێگای سزادان بەشایەنی دەرمانکردن دەزانرێن، بەلام بە گشتی ، روانگەی قەرە بووکردنەوە، سزادان وەك دژەکردەوە وەلامی کردەوەیەکی سوچ پاساو دەداتەوە، جگە لەوەش توندی دژواریی سزادان، دەبێ رەنگدانەوەی چییەتی تاوانەکەبێت. قەرەبووکردنەوەخوازی لەسەرەتایترین فۆرمی خۆیدا، واتە چاو لەبەرامبەر چاودا (بەدەستەواژەی لاتینی LEX TAIONI)، خوازیاری وەڵامدانەوەیەکی تەواو و گونجاوە، لەگەڵ تاوانەکەدایە ، بەلام سەرەڕای ئەمەش، لەهەندێك تاوانی وەك (تەڵەکە سەندن)دا ئەگەری وەلامدانەوەیەکی تەواو گونجاو، لەگەڵ تاوانەکە نییە، ناکرێت لەدادوەر، رەچاوی ئەوە بکەین کە تەڵەکەسێن ناچار بەشەش مانگ تەڵەکەلێسەندن بکات، هەروەها تێگەیشتنی ئەوەی کەچۆن کەسێك کەلەژێر کاریگەری هەژاری و

دەسـتكورتیدا، كاتـژمێرێكی زێـڕ دەدزێ، بـۆ ئـەوەی كەبەسزایەكی دەقاو دەق شیاوی تاوانەكەی مـەحكوم بكرێ، دژوارە.

هەڵبـەت ئـەم كێشەیە، تـەنیا لـەكاتی كردەوەیـەك، لەسـەر بناغـەی بنـەمای چاو لەبەرامبـەر چاودا، دێتـە پـێش دەنـا سـەبارەت بەشـێوە ئاڵۆزترەكـانی تیـۆری قـەرەبوو كردنـەوەخوازی، پێویـست ناكـات كەسـزادان نوێنگەی، تاوانەكە بێ.

رەخنە لەروانگەی قەرەبوو كردنەوە خوازی

١- پەنا بۆ هەست گەلێكی سـەرەتایی و كـەچ و كـاڵ دەبات.

روانگەی قەرەبووكردنەوە خوازی، لەسەر بنچینەی هەسـتی تـۆ لەئاسـتاندنەوە راوەسـتاوە، بـەزۆری قەرەبووكردنـەوەو تۆڵـە سـەندنەوەیە لەیەكـەمین دژ كردەوەكـانی ئـەو كەسـە، كەدەكەوێتـە بـەر زەبـرو ئازارەوە. ئەوانـەی كـەدژ بەروانگـەی قـەرەبوو كردنـەوە خـوازن ، بـاو بـوونی ئـەم دژ كـردەوە، سروشـتی، یـان لـەنێوان مرۆڤەكانـدا قبوڵـە، بـەڵام لەسـەر ئـەو بڕوایـەن، سزایەك كەلەلایەن دەوڵەتـەوە دەدرێـت دەبـێ بـەجێگای پشت بەستن بەروانگەی جەماوەرییانەی(ئەمـە لەتۆڵـەی ئەوەدا) لەسەر بنەمایەكی قوڵترو پتەوتر بەند بگرێ.

بەهەرحاڵ ئەو فەیلەسوفانەی، كەبەپاڵ پشتی ئـەم پاسـاوە، بـەرگری لەپێویـستی سـزادان دەكـەن، وەك یـەكێ لـەپاژەكانی بیردۆزەكـەیان، دان بـەگیانی تۆڵـە ئەستاندنەوە خوازی و دژ كردەوەی بەرامبـەر لەمرۆڤدا دەنێن.

٢-لەبەرچـاونەگرتنی ئـەنجام و كاریگەریـەكانی دوایی.

گرنگترین رەخنەیـەك كەروانگەی قـەرەبوو كردنـەوە خـوازی لەسـەریەتی، ئەوەیەكـە بیردۆزی نـاوبراو هـیچ چەشـنە سـەرنجێك ناداتـە كاریگـەری سـزادان و دەرەنجامەكانی بۆتاكی تاوانبارو كۆمەڵگە.

كێـشە گـەلێكی وەك پێـشگرتن لـەتاوان، چـاككردنەوە تاوانبـارو پـشتگیری لەكۆمەڵـدا، قـەت لەگۆرێدا نییە.

بـەپێی روانگـەی لایـەنگرانی قەرەبووكردنـەوە خوازی، دەگرن كەهیچ كردەوەیەك بەشێوەی ئاكاری دروست نییەمەگەر ئـەوەی كەئەنجام و ئاكام گـەلێكی بەقازانج بەرهەمبێنن.

لایـەنگرانی بیردۆزی بـەرێوەبردنی ئـەرك، دەڵـێن: ئەگـەر كردەوەیـەك بەشـێوەی ئاكـاری پاسـاو بدرێتەوە(لێرەدا سزادانی تاوانبار)، هەرچەندە ئاكام و ئەنجامێكیشی لێبكەوێتەوە، دیسان هەردەبێ بكرێ.

پێشگرتن لەتاوان

یـەكێك لەپاسـاوە باوەكـانی بـەرێوەبردنی سـزادان ئەوەیەكە، بەرێوەچوونی سزا، پێش بەیاسا شكێنی دەگرێت: هەم ئەو یاسا شكێنەی كەسزا دراوە، چیدی یاسـا پێـشێل ناكـات، هـەم ئـەو كەسـانەی كەلەبەرێوەچـوونی سزا، ئەگـەر ئاگـادار دەبـن، بـەلای كـردەوەی تاوانبارانـەدا نـارۆن، بەڵگانـدنی لایـەنگرانی روانگەی پێش گرتن لـەتاوان ئەوەیە كە ئەگـەر گـەلێك هەر لەسـەرەتاوە بزانـێ، كەئەگـەر دزی بكـات لەئاكامـدا جێگـای دەبێتـە بەندیخانـە، بـەراورد لەگـەڵ كەسـێكدا، كەدڵنیا بـێ، ئەگەر دزی بكـا، هـیچ چاوەروانی ناكـات، ئەگەری چوونی بۆ لای كردەوەی تاوانبارانە كەمترە.

تەنانـەت ئەگـەر سـزادان نەبێتـە هـۆی چاكبوونـەوە تاوانبـاریش، هەربەتـەنیا ئـەم بەڵگانـە بـۆ پاسـاوی سـزادان ئاكـامێكی نییـە، گـرنگیتر لەوەیـە كەكەسـی تاوانبار چاك بكرێتەوە.

پاساوەكانی روانگـەی پێشگرتن لـەتاوان، تـەنیا لەسـەر بناغـەی قـازانج و ئەنجامـەكانی بـۆ كۆمەڵگـە راوەسـتاوە، لـەم روانگەیـەدا، مەینـەتی ئەوكەسـانەی كـەئازادییان زەوتكـراوە، دەكەوێتـە ژێـر كاریگـەری كۆمەڵگەوە.

رەخنە لەبیردۆزی پێشگرتن لەتاوان

١- سزادانی بێتاوان

یەكێك لەجیدی ترین ئەو رەخنانەی، كەلەبیردۆزەی پێشگرتن بەتاوان دەگیردرێ، ئەوەیە كەبەپشت بەستن بـەم بـیردۆزە بـەلانی كـەم لەفۆرمـە سـەرەتاییەكەیدا، بەسانایی سزادانی ئەو بێتاوانانەی، كەتوشی تاوانێ نـەبوون یالانیكـەم دەسـتیان لـەتاوانێكی تایبەتـدا، كەبەهۆیـەوە سـزادراون نـەبووە، پاسـاو دەدرێ. گـەلێكمان نمونـە لەبەردەسـتدایە، كـە سـزادانی قوربانییەك دەتوانێ بۆ ئەوانی دی ببێتە دەرسێك بۆ وەرگرتنی پەندو ئەزموون.

ئـەم كـارە لەسـەر ئەوكەسـانەی كەلەئەندێـشەی كردەوەیەكی ئەوتۆدان، كاریگەریەكی بەرچاوی هەیە، بەتایبەت تائەوكاتـەی كەجەماوەری خەڵك لـەبێتاوانی ئەو قوربانییەی كەسزا دراوە ئاگادار نەبن. لەو كاتاودا كەبمانـەوێت خـەڵكی دیكەچاوترسـێن بكـەین، بـەم تێۆرییە هەندێك بیانووی پاساودراوی بۆ سزادان بێ تاوانێك وەدەست دەكەوێ.

ئـەم بەشـە لـەتیۆری نـاوبراو، زۆر نـاخۆش دێتـە بەرچاو. هـەر تیـۆرێكی پێشگیرانە، كەبیـەوێ رەوایـی بەدەست بێنێ، ناچارە وڵامدەری ئەم رەخنەیە بێت.

١- ئاكامێكى باش و جێگاى پەسندى لێناكەوێتەوە.

بەشێك لەرەخنەگرانى بیردۆزەى سزادان، وەك فاكتەرى ڕێگرلەتاوان، لەسەر ئەو برواییەدان، ئەم بیردۆزەیە هەرلەجێدا كاراییەكى ئەوتۆى نییە، چونكە تەنانەت هەندێك سزاى قورسى وەك لەسێدارە دانیش، ناتوانێ پێش بەبكوژانى قەتڵە زنجیرەییەكان لەدرێژەدانى كوشتنەكانیان بگرێ.

سزاگەلى سوكتر، وەك جەریمەو زیندانى كورت خایەنیش بەهیچ جۆرێك تواناى پێشگرتنى دزەكان لەدزى كردندا نییە.

ئەم چەشنە رەخنانە لەسەر بناغەى كۆمەڵێك فاكتى زانستى و تاقیكراوە راوەستاون، لەبەر ئەوەى كەرەنگە هۆكارى جۆراو جۆر دەستیان لەتێكدان و شێواندنى زانیارییە بەدەست هاتووەكاندا هەبێ، دۆزینەوەى پەیوەندى نێوان جۆرەكانى سزادان و رادەى پەرەسەندنى تاوانەكان گەلێك دژوارە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بكرێ بەزانیارى و فاكتە ئامارییەكان سەلمێنرێ كەسزادان هیچ چەشنە كاریگەرییەكى لەسەر پێشگرتن بەتاوانباران لەبەئاكامگەیاندنى تاواندا نییە، یان لانیكەم كاریگەرییەكى كەمى هەیە، بناغەو بنچینەى پاساوەكانى ئەم تیۆرییە بۆ سزادان، بەگشتى تێكدەچێ.

***پشتیوانى لەكۆمەڵگە***

پاساوێكى دیكە بۆ پێویستى سزادان لەبەر قازانج و كاریگەرییەكانى دێتە گۆرێ، بناغەى لەسەر پێویستى پشتیوانى لەكۆمەڵگە لەبەرامبەر ئەو كەسانەدا دامەزراوە، كەخەسڵەتى یاسا شكێنیان تێدایە، بەپێى ئەم بەڵگانە، ئەگەر كەسێ شەوانە بەمەبەستى دزى چووە ماڵێكەوەو سزا نەدرا، دەبێ چاوەروانى ئەوەبین كەشەوى دوایى، بچێتە ماڵێكى دیكەوە، حكومەت لەهەلو مەرجێكى ئەوتۆدا، بۆى هەیە كەبۆ پێشگرتن بەدوپاتكردنەوەى كردەوەى تاوانبارانە، ئەم كەسانە بخاتە بەندیخانەوە، ئەم چەشنە پاساوانە، بەگشتى سەبارەت بەپێشگرتن لەتاوانە جینایەتكارانەكانى، وەك كوشتن و دەست دریژى كەڵكى لێوەردەگیرێت.

رەنگە لەروانگەى پشتیوانى لەكۆمەڵگە

١- لەهەموو بابەتێكدا كارایى نییە

هەندێ تاوان دووپات هەڵگرن و تاوانبارێك دەتوانێ چەن جار تاوانێكى تایبەت(وەك دەستدرێژى بۆ سەرناموس)دووپات بكاتەوە. لەم چەشنە بابەتانەدا ئەستاندنەوەى ئازادى كەسى تاوانبار، دەتوانێ ئەگەرى دووپاتكردنەوەى تاوانەكە، بگەیەنێتە نزمترین ئاستى خۆى، بەڵام بەشێك لەتاوانەكان تەنیا یەك جار دەتوانن روو بدەن.

بۆ وێنە ژنێ كەتەمەنێكى زۆر بەتاڵى و ناخۆش، لەگەڵ پیاوێك ژیاوە، رەنگە لەناكاو بریارى كوشتنى هاوژینەكەى بدات و بەدەرمان دراوكردنى بۆ هەتا هەتایە، لەژیانى نەگبەتبارى پەناى ئەم پیاوە رزگارى بێ ئەمژنە جگە لەكەسى كوژراو بۆ هیچ كام لەئەندامانى كۆمەڵگە وەك هەرەشەیەك نابێتەژمار، جگە لەوەش ئەم تاوانە، بەهیچ شێوەیەك، ئەگەرى دوپات بوونەوەى نییە، كەوابوو ئەو بەڵگاندنەى سەرەوە واتا سزادانى ئەم ژنە بۆ پشتگیرى لەكۆمەڵگە، هیچ پاساوێكى لۆژیكى نییە، بەهەرحاڵ دۆزینەوەو تێگەیشتنى ئەوەى كەكام تاوانبار، ئەگەرى دوووپاتكردنەوەى تاوانى نییە، ئەوەندە ئاسان نییە.

٣-بێئاكامە

یەكێ لەو پاساوانەى، كەپێویستى سزادان، بەمەبەستى پشتگیرى لەكۆمەڵگە دەیهێننەوە، ئەوەیە كەزیندانیكردنى تاوانبار، دەبێتە هۆى ئەوەى، كە لانیكەم بۆ ماوەیەك كۆمەڵگە لەدەستدرێژى پێشێلكارییەكانى پارێزراو بێ، بەڵام لەراستیدا هەندێكجار شوێنەوارە خراپەكانى زیندانیكردنى تاوانبار بۆ كۆمەڵگە چەند گرانتر دەكەوێ و لەدرێژخایەندا كاریگەرییەكى روخێنەرتر لەتاوانەكەى لەسەر كۆمەڵگە دەبێ، چونكە تاوانبارەكان لەو ماوەیەدا، كەلەزیندان، فرتوفێڵى تاوانە نوێیەكان و بەدووریش نییە، ئەو زیانەى لەو لایەنەوە بەر كۆمەڵگە دەكەوێ، زۆرتر لەوتاوانە، بێكەدەستى دراوەتێ.

چاككردنەوەى تاوانبار

پاساو بەڵگاندنێكى دیكە، كەبۆ پێویستى سزادانى یاسا شكێنان و ئەستاندنەوەى ئازادییان دێتە گۆرى ئەوەیە، كە سزادان دەبێتە هۆى چاكبوونەوەو هاتنە سەر رێى تاوانباران، واتە سزادان وەك میكانیزمێك بۆ گۆرین و باش بوونەوەى كەسایەتیان ئیش دەكا، بەشێوەیەك كەپاش رزگار بوونیان لەزیندان دووبارە بەلاى كردەوەى تاوانبارانەدا ناچن، بەم پێیە دەتوانین ئەستاندنەوەى ئازادى وەك دەرمان لەبەرچاو بگرین.

رەخنە لەروانگەى چاككردنەوەى تاوانبار

١-تەنیا سەبارەت بەهەندێك تاوانبارى ناوازە بەكواردێت.

هەنـدێك لـەتاوانباران پێویـستیان بەچـاكبوونەوە نییـە، بـۆ وێنـە بـەپێی ئـەم پاسـاوە، ئەوكەسـانەی دەستیان داوەتە تاوانێكی دووپات هەڵنەگرەوە، قەت نابێ سـزا بـدرێن، چـونكە بـەهیچ جۆرێـك تاوانەكـە ئەگـەری دووپاتبوونـەوەی نییـە، لەلایـەكی دیكـەوە، هەنـدێ لـەتاوانباران بـواری چـاكبوونەوە یان تێدا نییە، كـەوابوو پاسـاوێكیش بـۆ سـزادانی ئـەم تاقمـە لـەتاوانباران نییـە(هەڵبـەت بەمەرجی ناڵێن و دەرخـستنی ئـەوەی، كـە بـواری




چاكبوونەوەیان نییە)

٣-بێئكامە

بەدەگمـەن سـزاباوەكان دەبنـە هـۆی چـاكبوونەوەی تاوانبار، هەڵبەت هەموو سزادانێكیش لەچاكبوونەوەی تاوانباردا، تەواو ناكاریگەری نییە.

كاتێك بنچینەی ئەم تیۆرە، تێكدەچێ كـەبتوانین بەبەڵگەی تاقیكراوەو ئامارییەوە، بیسەلمێنین، كەئەو هەولآنـەی كـەبۆ چـاكبونەوەی تاوانبـاران لـەرێگای سزادانیانەوە دراوە، قەت سەركەوتوو نەبوون.

بەگشتی لەنێوان پاساو گەلێكدا، كەبۆ پێویستی بـەكارهێنانی سـزا، لـەرامانی حقـوقی هاوچـەرخدا هاتوونەتە ئاراوە، كەمتر پاساوێك، تەنیا لەسەر لایەنی چاككەرەوەی سزا چەقی بەستوە.

بەڵگـەدارترین و جێپەسـەندیترین پاسـاوەكانی، لەسەر بناغەی رێگرتن لەتاوان و پشتگیری لەكۆمەڵگە راوەستاون و كێشەی چككردنەوەی تاوانبار لەپەنای ئەواندا هاتووەتە گۆرێ.

ئەمچەشنە پاساوە، چەند رەهەندیانە، زیاتر لەسەر ئاكـام و پـشهاتە كاریگـەرو بەقازانجـە ئاكارییـەكانی سزادانی تاوانبار راوەستاون.

سەربزێوی شارستانی

هەتا ئێرە چاومان گێرا بەسەر بنەمای ئەو پاساو گەلەی، كەبۆ پێویستی سزادانی یاساشكێنان لەلایەن فەیلەسـوفەكانەوە هاتونەتـە گـۆرێ دیتمـان زۆربـەی بەڵگـەكانیان بۆ بـەختكردن لەسـەر پێویستی سزادان، لەسەر بناغەی ئاكار راوەستابوو.

ئێستە لێرەدا دەتـوانین پرسـیارێكی بنـەرەتی تـر بێنیینـە گـۆرێ، ئایا لـەهیچ هەلومەرجێكدا، دەشێت یاسا شكێی لەبواری ئاكارییەوە جێگای پەسەند بێت؟ لەم قۆناغـەی باسـەكەدا، مەبەسـتم جـۆرێكی تایبـەتی یاسـا شـكێنە، كەبـەپێی ئاكـار رەوایـە: سـەربزێویی شارستانی

هەنـدێك دەڵـێن، یاسـا شـكێنی لـەهیچ هـەلو مەرجێكدا پاساو هەلگرنیـە، ئەگـەر كەسـێك كێشەی لەگـەڵ یاسا هـەبێت، دەتـوانێ بەهـەوڵ و تێكۆشـانی لەكەناڵـە یاسـاییەكانی وەك( راگەیاندنـە گـشتیەكان، گرتنـی كـۆرو قسەكردن، نامـە نـاردن بـۆ بەرپرسـانی پێوەندیـدار، گرتنی كۆبونـەوە و خەباتـە یاساییەكانی دیكـە)، هـەولی گـۆرینی یـان سـابدات، بـەلآم گـەلێك نمونـەمان هەیـە، كـەنارەزایی دەربرینگـەلێكی ئـەوتۆ، هـیچ ئاكـامێكی نـەبووە، شـێوازیان نـەریتێكی بـاو كەلەنمونە گەلێكی ئەوتۆدا بەكاردەبردرێ، سەربزێویی شارسـتانییە. كاتێـك بـواری سـەربزێویی شارسـتانی دەرەخسێ، كە هاولآتیان تێبگەن كە ناچارن گوێرایەڵی یاسـا یـا شـێوازەكانی دەسـەلآتێ بـن كـە بەبۆچـوونی خۆیان دادوەرانە نییە.

سـەربزێویی شارسـتانی، هـەتا ئێـستا گـەلێك بەرهەمی گرنگی لەپێكهێنانی ئاڵوگۆر لەیاساو شێوازە حكومەتیەكاندا لێكەوتوەتەوە. نمونەیـەكی بەناوبانگ، بزوتنـەوەی دانی مافی دەنگدان بەژنان و بەشدارییان لەهەڵبژاردن، لەولآتی ئینگیسی دایە. ئەم بزاڤە توانی داخوازەكانی بخاتە بەردەم كۆمەڵ و لەئەنجامدا، مافی دەنگدان بۆ ژنان بەدەست بهێنن. راكێشانی سەرنجی كۆمەڵ، لەرێگای سەربزێویی شارستانی و تەنانەت بە هەندێك كردەوەی وەك خۆبەستنەوە بـەهێڵی ئاسـن و شتی دیكە، بەدەست هات. لەئاكامدا هەر لەم رێگایەوە لەساڵی ١٩١٨دا تارادەیەك، ئاسایی بێبـەری بـوونی، ژنـان لەبەشـداری لەهەڵبژاردنـدا چاكـسازی كـرا، بەشێوەك كەژنانی سەرەوەی سی ساڵ ئیزنی دەنگدان لەهەڵبژاردنیان وەرگرت.

هەڵبـەت بەشـێك لـەم ئـاڵوگۆرەی یاسـا، لـەژێر كاریگـەری هەلومـەرجی شـەری دووهـەمی جیهانـدا پێكهـات، بـەلآم سـەرەرای ئـەوە بزاڤـی داخـوازە سیاسییەكانی ژنان، توانی رۆڵێكی گرنگ لـەگۆرانی یاسـایەكی ناودارانـەدا ببینـێ، كـەژنانی لەبەشـداری لەهەڵبژاردنی بەناو دیموكراتیك بێبەش دەكرد.

مەهاتما گاندی و مارتین لوسەرکینگ، هەردووکیان لەلایەنگرانی شێلگیرو توندی سەربزێوی شارستانی بوون نارەزایی دەربڕینی ئاشتیخوازانەو نایاسایی بەرێبەرایەتی گاندی، کاریگەریەکی سەیری لەبزوتنەوەی سەربەخۆیی خوازیی هینددا هەبوو. ئەم نارەزایی دەربرینانە، لەئاکامدا بوو بەهۆی بەجێهشتنی خاکی هیند لەلایەن کۆلۆنیا لیستەکانی ئینگلیسەوە. خەباتی مارتین لوسەرکینگ دژ بەرەگەز پەرستی بەکەڵك وەرگرتن، لەشێوە گەلێکی وەك گاندی، یارمەتیەکی زۆری بەدەستەبەرکردنی مافە شارستانییەکانی رەش پێستەکانی هەرێمی باشورییەکانی ئەمریکا کرد.

نمونەیەکی دیکەی سەربزێوی شارستانی، خۆبواردنی تاقمێك لەسەربازانی ئەمریکای لەچوون بۆ بەرەکانی شەڕی ڤێتنام بوو، سەرەڕای ئەوەی کەلەلایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە، بۆ خزمەتی سەربازیی خوازرابوون. هۆکاری خۆبواردن و بەرخۆدانی هەندێ لەم سەربازانە ئەوە بوو، کە کوشتنی مرۆڤەکان لەبواری ئاکاریەوە نادروست و نابەجێ دەزانی.

ئامادەبوون یاسا پێشێلکەن، بەڵام شەڕ نەکەن و دەستیان بەخوێنی ئینسانەکانی دیکە سور نەکەن.

بەشێکی دیکەیان دژی هەموو شەڕێ نەبوون ، بەڵام شەڕی ڤێتنامیان پێ شەڕێکی بێدادانە بوو، کە بەبێ هیچ ئامانجێکی پاساودار، گیانی هاوڵاتیانی ئەمریکایی دەخاتە مەترسێکی گەورەوە.

پەرەسەندنی بەرخۆدان و نارەزایی دەربرینەکانی دژ بەشەڕی ڤێتنام، لەئاکامدا بوو بەهۆی چوونە دەرەوەی ئەمریکا لەو وڵاتە، بێگومان پێشێلکردنی بەربڵاوی یاساکان و سەربزێوی شارستانی هاوڵاتیان، رۆڵێکی گەورەی لەخێراکردنەوەی چوونە دەرەوەی ئەمریکا هەبوو.

نەریتی سەربزێویی شارستانی، شێوازێکی بەنێوەرۆك ناتوندوتیژە. تەنیا هۆکاری شکاندنی یاساکان ئەوەیە کەسەرنجی خەڵك و بیروڕای گشتی بۆ لای یاسا، یان رێبازی حکومەتی، کەبێدادانەیە رابکێشین. شوێن کەوتوانی نەریتی سەربزێوی شارستانی، خوازیاری دابینکردنی مەبەستەو بەرژەوەندی بە تاکەکەسیەکانی خۆیان نین، بەڵکو لەراستیدا کارەکەیان بەمەبەستی راکێشانی سەرنجی خەڵکە بۆ لای یاسایەکی بێدادانە، یان رێبازێکی حکومەتی کەلەبابەتی ئاکارییەوە نادروست و شایانی نارەزایی دەربڕینە.

ئەوان بۆ گەیشتن بەمەبەستی خۆیان، تێدەکۆشن، کەزۆرترین داگرتنی نوچەی بۆ پەرەدانی ئاستی زانیاری گەیاندنی گشتی بەدەست بێنن. هەربەم هۆیەوەیە، کە سەربزێویی شارستانی زۆربەی کات لەبەرچاوی کۆمەڵگەو زۆرتر بەئامادەبوونی رۆژنامەنوسان و وێنەگران و کامێرا تەلەفزیۆنیەکان بەئاکام دەگات، کەوابوو، کاتێ کە بۆ نموونە لەشەڕی ڤێتنامدا سەربازی تەنیا لەبەرئەوەی کەلەشەڕ دەترسا و گیانی لەمەترسیدا دەبینی، کارتی ناردنی بۆ بەرەکانی شەڕ فڕێی دەداو خۆی لەچاوی سوپا دەشاردەوە. ئەدی کردەوەکەی نەدەچووە خانەی سەربزێویی شارستانییەوە، هەروەها ئەگەر ئەم کردەوەیەی نەلەبەر پاراستنی گیانی خۆی، بەڵکو بەپێی هەندێك پرەنسیپی ئاکاری دەکرد، بەڵام بەنهێنی و دوور لەچاوی خەڵك، دیسانەوە نەدەکرا کردەوەکەی بخرێنە خانەی نەریتی سەربزێویی شارستانییەوە. بەپێچەوانەوە، ئەگەر سەربازێك، لەبەرامبەر چاو و کامێرای تەلەفزیۆندا، کارتی ناردنەکەی ئاور تێبەردات و لەدۆخێکدا کەخەڵك سەرنجیان داوەتێ و فیلمی لێهەڵدەگرن، قسەی کرد باو بیگوتبای، کە چونکە بەبۆچوونی ئەو دەستوەردانی ئەمریکا لەشەڕی ڤێتنامدا بێئاکارییە، ئامادەی بەشداری لەو شەڕەدا نییە، ئەوکاتە دەکرا بڵێین کە کردەوەکەی دەچێتە خانەی سەربزێویی شارستانییەوە.

نابێ ئەوەمان لەبەرچاو دوربێ، کەمەبەست لەسەر بزێوی شارستانی، گۆڕینی هەندێك یاسای تایبەت یا سیاسەتی حکومەت لەبوارێکی تایبەتدایەو نەگۆڕانی هەموو یاسا باوەکان، یان تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتی یاسایی بەگشتی، هەروەك گوتمان، ئەوانەی لەچوارچێوەی نەریتی سەربزێویی شارستانیدا ئیشدەکەن، بەزۆری خۆیان لەتوندوتیژی دەپارێزن. چونکە کردەوەی توندوتیژو بەربەرەکانی توندوتیژی، دەبێتە هۆی وەلانەدانی لایەنی بەرامبەر بۆ دژ کردەوەی هاوچەشن و کاریگەریی لەسەرمەبەستی سەرەکی سەربزێویی شارستانی دادەنێ و لەپەراوێزی دەخات، جگەلەوەش، لۆژیکی کەبڕیاری پێویست بوونی شکاندنی یاسا لەرێگای سەربزێوی شارستانیەوە دەدات لەپاساوگەلێکی ئاکاری و راوەستا و لەسەر ئایدیا لەمرۆییەکان کەڵك وەردەگرێ و هەروەك دەزانین، بەپێی زۆربەی بنەما ئاکارییەکان (ئەگەر لەنمونەگەلێکی زۆر دەگمەن و شازی وەك بەرگری رەوا)، زیان گەیاندن بەمرۆڤەکانی دیکە رەوانییە.

تیرۆریستەکان، واتە گروپێك کەلەپێناو گەیشتن بەو مەبەستە سیاسیەکانیان، دەست دەدەنە کردەوەی توندوتیژ، خوازیاری ئاڵوگۆڕ لەبارودۆخی ئاراییدان و زۆرتر دەڵێن، کەخەباتەکانیان، بەمەبەستی دابینکردنی بەرژەوەندی گشتییە. جیاوازی ئەم دوو تاقمە لەشێوازێکدا، کەبەکاری دێنن: شوێن کەوتووانی نەریتی سەربزێویی شارستانی خۆلەکردەوەی توندوتیژ، دەپارێزن و ئەندامانی رێکخراوێکی سیاسی ژێر زەوینی، بەکردەوەی توندوتیژ هەوڵی پێشڤەچونی مەبەستەکانیان دەدەن.

رەخنە لەسەبزێویی شارستانی.

١-نادیموکراتیە.

٢-ئەگەر کردەوەی سەربزێویی شارستانی، لەچوارچێوەی رژێمێکی دیموکراتدا رووبدات، دەتوانێ وەك کردەوەیەکی نا دیموکراتی لەچاوبدا. ئەگەر زۆرینەی نوێنەرانێ، کە بەشێوە گەلێکی دیموکراتیك هەڵبژێردراون بەکەڵك وەرگرتن لەشێوە گەلێکی دیموکراتێك، یاسایەك پەسند بکەن یا مۆری رەوایی بەشێوازێکی تایبەتی دەسەڵاتدارێتی دابنێن، لەژێر پێنانی یاسا، یان شێوازێکی ئەوتۆ بەنیشانەی دەربڕینی نارەزایەتی بەنیسبەتی، کردەوەیەکی دژ بەگیانی دیموکراسیە" بەتایبەت ئەگەر ئەو کەسانەی سەربزێویی شارستانی دەکەن، کەمینەیەکی کەم ژمارین، گومانی تێدانییە کەجێگای پەسەندو رەزامەندی نەبوونی هەموو شێوەکانی دەسەڵاتدارێتی بۆ هەموو خەڵك تێچوونی ژیانە لەرژێمێکی دیموکراتیدا، ئەگەر سەربزێویی شارستانی، کەمینەیەکی خەڵك، کاریگەری لەگۆڕانی هەل و مەرجدا ببێ، وا دەردەکەوێ کەرێگامان بەتاقمێکی کەم داوە کەبۆچوونی زۆرینەی خەڵك لەبەر چاو نەگرن و هەڵیوەشێننەوە. ئەم رووداوە زۆر نادیموکراتی دیارە، بەڵام ئەگەر سەربزێویی شارستانی، بەئاکامێك نەگات، نەدی بەکارهێنانی هیچ پێویستێکی نییە، کەوابوو سەربزێویی شارستانی، یان دژی دیموکارسییە یا بێ ئەنجامە.

لەبەرامبەر ئەو بەڵگاندنەی سەرەوە پێویستە سەرنجی ئەوەی بدەین، کەلەجێدا مەبەست چوونە نێو بازنەی سەربزێویی شارستانی رۆشنگەری بیروڕای گشتی و راکێشانی پشتگیری و سەرنجی خەڵکی بۆ نائاکاری بوونی کردەوەو بڕیارەکانی حکومەت بۆ نمونە، بزاڤی مافی شارستانی کەمینەی رەش پیست لەئەمریکا. بۆ دەربڕینی نارەزایی لەبەرامبەر یاسای هەڵاواردنی رەگەزیی و جیاکردنەوەی رەشەکان لە سپی پێستەکان، بەداگرتنێکی باش نووچەیی کەبەدەستی هێنا، بووبە هۆی راکێشانی سەرنجی هەموو دونیا بۆ ئەو رەوشت و کردەوە بێدادانەی، کەسەبارەت بەرەش پێستانی ئەمریکا لەگۆڕێدا بوو.

ئەگەر سەربزێوی شارستانی لەم روانگەوە سەیر بکرێت، شێوازێکی گونجاوە، بۆ ناچارکردنی زۆرینەی خەڵك (لێرەدا سپی پێسانی ئەمریکا) یا نوێنەرانیان، بۆ پێداچوونەوە لەهەڵوێستەکانیان، سەبارەت بەبابەت یاکێشەیەکی تایبەت، کەوابوو ناتوانین ئەم کردەوەیە کە رێگایەکە بۆ گۆڕینی یاسا، یان رێبازێکی حکومەتی، تەنیا لەبەرئەوەی کە کەمینەیەك خوازیاری گۆڕانی یاسا بووە، بەناو دیموکراتی بزانین.

٣-رێگا بۆ بێ حورمەتی کردنەکانی دیکە بەیاسا دەکاتەوە.

رەخنەیەکی دیکە کەلەسەر بزێویی شارستانی دەگیردرێ، ئەوەیەکە، بڕەو بەیاسا شکێنی دەرا و رەنگە لەدرێژەخایەندا، دەسەڵاتی حکومەت و ئوتوریتەی یاسا، بەگشتی خەوشدار بکا" هەروەك دەشزانین ئەم رووداوە زۆر گرنگتر و مەزنتر لەو قازانجانەیە کەرەنگی لەرێگای سەربزێویکردنی شارستانیدا بەرهەم بێت.

ئەگەر یەکجار حورمەتی یاسا، تەنانەت بەهەندێك ئاماژەی ئاکاریشەوە، بشکێ، مەترسی ئەوە هەیە کەسێ یاسایی لەئاستێکی بەربلاودا بێتە باو، وەك زاراوە بەم دیاردە دەڵێن بورهانی (نشێوی خر) ئەگەر ئێوە هەنگاو لەرێگایەکی تایبەتدا هەڵنێن، ئەدی ناتوانن پێش بەهەنگاوەکانی دواتر بگرن کەلە بنەمادا مەبەست و جێگای پەسندتان نەبوونە، راست وەك ئەوەیە، کە هەنگاو بنێننە شێوێکی فرەوە تەنیا لەکۆتایی نیشوەکەدا رادەوەستن بەبڕوای هەندێ لەبەرهەڵستانی، سەربزێویی شارستانی، تەنانەت ئەگەر یاسا شکێنیەکی چکۆلەش بەرەوا بزانین، رەنگە راوەستانێك لەکاردا نەبێ و تێکڕای یاسا لەگەڵ پرنسیپی رێزگرتن لەیاسا، بەگشتی خەوشداردەبن.

بەبۆچوونی ئێمە، ئەو بەڵگاندنەی سەرەوە، لێبڕوای و بێ ئەملاو ئەولایی ئاکامەکە، گریمانە دەکاو رووداونەکەی حەتمی پیشاندەدا، لەکاتێکدا دەتوانرێ وانەبێ، پێویست ناکا سەربزێویکردنی شارستانی لەگەڵ بوونەی نیشوی خز بەراوردبکەین و هەر ئەو بڕیارانە بەسەر ئەم بارودۆخەدا بدەین، هیچ هۆیەکی نییە، کەنەتوانین لەخاڵێکدا پشتێنەکان توند بکەینەوەو بڵێن:



کارل مارکس

( هەتا ئێرە پێشتر نە) لەراستیدا بەشێك لەلایەنگرانی سەربزێویی شارستانی، قسەیەکی بەپێچەوانەی ئەمە دەکەن. ئەوان دەڵێن بەم کارە، نەتەنیا ئۆتۆریتەی یاسا پێشێلنابێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە، کەسێك کەبزێویی شارستانی دەکات، بەجۆرێك رێزی زۆرترو قوڵتری خۆی، بەرامبەری بەیاسا پیشان دەدا، چونکە ئەگەر کەسێك بۆ راکێشانی سەرنجی خەڵك بۆلای یاسایەك، کەبە بێدادنەی دەزانێ، خۆی بۆ دیتنی سزا لەلایەن حکومەتەوە تەیارکردبێ، پیشاندەری بڕوای قوڵی بەوەیە، کە یاساکان دەبێ دادوەرانە بن و یاسا دادوەرانەکانن کەشایانی رێزلێنیان ئەم کێشەیە بەنێوەرۆك، لەگەڵ شکاندنی یاسا، لەپێناوی بەرژەوەی تاکەکەسی و بەکۆمەڵ زۆر جیاوازە.

**نووسینی نیگێل واربێرتۆن**
**وەرگێرانی رامبۆ لوتف پوور**